# حوکمی دادگای شۆڕشی ئیسلامی دژ بە کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی مافەکانی مرۆڤ و ئیرادەی نێودەوڵەتییە

ئەو حوکمەی لەلایان دادگای شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە لەسەر هاووڵاتیانمان "عەدنان حەسەنپوور" و "واحید بووتیمار" دەرچووە، سەرەڕۆیانە و دژ بە کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەی مافەکانی مرۆڤ و بەهێند نەگرتنی ئیرادەی نێودەوڵەتییە بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ.

دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ دوو لاوی کورد کە تەنیا لە چوارچێوەی یاساکانی خودی کۆماری ئیسلامیدا، بەچالاکی رۆژنامەوانی و مەدەنییەوە خەریک بوون، دەریدەخا کە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە بندەستی کۆماری ئیسلامیدا چ ئازارێک دەچێژن.

رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و کۆڕوکۆمەڵەکانی لایەنگری پاراستنی مافەکانی مرۆڤ نابێ لە حاست ئەم سەرەڕۆییە بێدەنگ بن و دەبێ هەرچی زووتر بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو حوکمە وەکار بکەون.

داوا لە رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم، بەهانای هاووڵاتییە بەندکراوەکانیان عەدنان حەسەونپوور و واحید بووتیمار و ئەوانی دیکەوە بچن و بە بەپیرەوە چوونی بانگەوازی"کۆمیتەی بەرگری لەزیندانیانی سیاسی کوردستان" بۆ مانگرتنی گشتی لە رۆژی دووشەممەدا، دژ بە حوکمی ئێعدامی ئەوان نارەزایەتی دەربڕن.

ئازادیی بۆ هەموو زیندانیان و بەندکراوانی کورد لە هەموو کوردستان.

**عەلی قازی محەممەد**

**سەرۆکی پارتی ئازادیی کوردستان**

30 پووشپەڕی 2707